# ناسنامەی پێنج قوربانی بەردوومانەکەی تورکیا بە سەر شێنگال ئاشکرا کرا

ئاژانسی موتەبەع زانیاری لەباری پێنج قوربانیەکەی بەردوومانی فڕۆکەکانی تورکیا بە سەر سنووری شێنگال ئاشکرا دەکات.

ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو (30 کانونی یەکەمی 2023)، کاتژمێر 6:00ـی ئێوارە بە فڕۆکەی بەفڕۆکەوان تورکیا هێرشی کردە سەر شێنگال و لە ئێنجامدا 5 کرێکار گیانیان لەدەستدا و دوو کرێکاریش بریندار بوون.

فڕۆکە بەفڕۆکەوانی تورکیا ناوچەی کەلا سیمەقیا سەر بە شارۆچکەی خانسەر بەردوومانکرد و لە ئێنجامی بەردوومانەکە بە سەر خۆتی کرێکارانی هەڵکەندنی بیری ئاو، پێنج کرێکار گیانیان لەدەستدا و دوو کرێکاریش بریندار بوون کە گشتیان کرێکاری سوریین.

ناسنامەی قوربانییەکان:

ناو: ئەمەزان حەمادی

لەدایکبووی: 2002 لە شاری ڕەقە

ناو: حسێن مەحەمەد

لەدایکبووی: 2003 لە شاری هەڵەب

ناو: ئەحمەد مەحەممەد

لەدایکبووی: 2000 لە شاری هەڵەب

ناو: مونیر بەکوور

لەدایکبووی شاری ڕەقەی هەژهەژاتی سوریا

قوربانی پێنجەم ناوی شاهین مستەفایە کە دانیشتووی شاری کۆبانێ-ی هەژئاوای کوردستانە.